# کوردۆلۆجی

## kurdology

### زانستێك بۆ ناسینی کورد

م.لهۆن قادر عبدالرحمان

First semester



# ئامانجی وانەی کوردۆلۆجی

## 1- ئامانجی گشتی

ناسینی مێژو و پێگەی کورد لە کاری بیانییەکانەوە

## 2- ئامانجی تایبەتی

1-ناسینی زانستی کوردۆلۆجی و رۆڵی لەسەر فێرخواز
2-دیاریکردنی مێژوی زانستی کوردۆلۆژی لای ئەوروپا و کورد
3-گرنگی و پێگەی زانستی کوردۆلۆژی لەسەر فێرخواز
4-ناساندنی پێگەو رۆڵی کورد لای رۆژهەڵاتناسەکان
5-ناسینی کارو چالاکی هەریەکە لە رۆژهەڵاتناسەکانی( یۆنان ، ئیتالیا، روسیا،.....تاد
6- پێگەی رۆژهەڵاتناسەکان لە ناسین و پاراستنی مێژو و فەرهەنگ و کلتور.....تاد کورد

# چەمك و پێناسەی كوردۆلۆجی

1-لە هەردوو وشەی (Kurd) + (Logos)


2- كوردناسی بە فەرەنسی كوردۆلۆژی (Kurdologie) و بە ئینگلیزی (kurdology) و بە ئەڵمانی (kurdenkande) لە ڕوسیادا لە وشەی (كوردۆ فیدنیا )


- كوردناسی هەموو ئەو لێكۆڵینەوانە دەگرێتەوە كەلەشێوەی كتێب، یان بلاكراوەی ناو بە ناو (گۆڤارو ڕۆژنامە)بەزمانی بیانی لەلایەن نەتەوە جیاجیاكانەوە لەسەركورد نوسراون.












# مێژووی کوردۆلۆجی

- کوردۆلۆجی وەك زانست بەم شێوە نوێیەی دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی بیستەم ،ئەگەرچی پێشتر هەوڵ و کۆششی تاکەکەسی هەبووە ،بەڵام زۆری سەبارەت بە مێژوو و زمان بووە، هەوڵەکان یان هەوڵی تاکی کورد بووە، یان کەسانی تر لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا و گەڕۆکەکان و ڕۆژهەڵاتناسان.

- کەواتە کوردۆلۆژی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم بەملاوە وردە وردە بە شێوەیەکی ڕێژەیی لە زانستی ڕۆژهەڵاتناسی (Orientalsime) جودا بووەوە.

- کوردناسی لە زانکۆکانی هەموو ئەو وڵاتانەدا، لەبەر هۆی سیاسی، هەرگیز سەربەخۆ نەبووە، چونکە پاشکۆی ئێرانناسی بووە، بۆ یەکەم جار لە ڕوسیا لە ساڵی 1959 بەدواوە، بەشی لێکۆڵینەوەی کوردناسی لە (ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسی لە ئەکادیمیای زانستی (سانت پترسبۆرگ) لەبەشی ئێرانناسی جودابووەوە بووە بە بەشێکی سەربەخۆ



رۆهەڵاتناسی

↓

کوردناسی




# زاراوەی کوردناسی

1- ئەم زاراوەیە (کوردۆلۆژی- کوردناسی) لەناو کورداندا بۆ یەکەمجار لەلایەن (د.عەبدوڵڵا جەودەت) لە ساڵی 1913 لە لاپەڕە 8ی ژمارە (2) ی گۆڤاری (ڕۆژی کورد ) لە وتاری (اتحاد یولی) بە زمانی تورکی عوسمانلی بەکارهاتووە.

2- لە ساڵی 1934 لە گۆڤاری (هاوار) لە ژمارە( 22،23،24) لە دیمەشق، (جەلادەت بەدرخان) لە وتارێکی بەناوی ( کورد و کوردستان ب چاڤێ بیانیان) بەکارهاتووە. دواتر لە سییەکان بەملاوە زاراوەی کوردناسی و ڕۆژهەلاتناسی لەلایەن مێژوونووسانی وەك: جەلادەت بەدرخان، کامەران بەدرخان، تۆفیق وەهبی، حوسێن حوزنی موکریانی، عەلائەددین سەجادی، ڕەفیق حیلمی و ئەمین زەکی بەگەوە کەوتە ناو زمانی کوردی.




جەلادەت عالی بەدرخان
(1951 -1893)



کامەران عالی بەدرخان
(1974 -1895)



عەبدوڵلا جەودەت




# سودەکانی کوردلۆجی

1-پاراستنی دەق و مێژوی سیاسی وکۆمەڵایەی کوردو کوردستان وتەواوی پاشماوەکان و دەستنوسە دەگمەنەکانی کورد.

2- دیاریکردن و سەلماندنی مێژویەکی زانستی و ئەکادیمی باوەڕپێکراو لەجیهاندا.

3- هەوڵێکە بۆ دروستکردنی پێگەو ڕۆڵی کورد لە بوارە جیاوازەکاندا.

4- ناساندنی تەواوی ئەو هەوڵانەی کە لەلایەن کەسانی بیانییەوە لەسەر کورد دراون.





# ئامانجەکانی کوردۆلۆجی

1- ناساندن و کۆکردنەوەی هەموو ئەو تێکست و بەرهەمە نوسراوانەی بە زمانە جیاجیاکان کە لەسەر کورد نوسراون و لە کتێبخانە و مەڵبەندە زانستیەکانی جیهاندا پارێزراون .

2- دامەزراندن و دەوڵەمەندکردنی ئەرشیفی مێژویی و نەتەوەیی کورد.

3- دروستکردنی بەشی تایبەت بە پێی تایبەتمەندێتی لە بواری زانستیە جیاجیاکاندا، بەمەبەستی لێکۆڵینەوەو ساغکردنەوەی بەرهەمە کۆکراوەکان وبنیادنانی مێژوویەکی دۆکۆمێنتاری بەهێزی کورد لەگشت بوارەکاندا.

4- بەکارهێنان و خوێندنی ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوانە لە قۆناغە جیاجیاکانی خوێندندا .

5- خستنە ڕووی ئەو چالاکییە مرۆییانەی کە کورد بە نەتەوەکانی تری بەخشیوە، یان لە نەتەوەکانی تری وەرگرتووە و لە کلتوریدا ڕەنگی داوەتەوە .

6- کۆکردنەوەی ئەو زانیاری و بەرهەمانەی ڕاستەوخۆ، یان نا ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە کوردەوە هەیە .

7- تۆمارکردنی هەموو ئەو لێکۆڵینوە و ئەنجامە زانستیانەی کە بەدەستهاتوون و دەبنە سەرچاوەی باوەڕ پێکراو بۆ کوردو بێگانە .

8- ناساندنی پێگەو رۆڵی کورد بەدرێژایی مێژوو، لەگەڵ دەرخستنی رادەو ئاستی هوشیاری و پێشکەوتنی کورد بەپێی قۆناغەکە.

# هۆکارەکانی دواکەوتنی زانستی کوردۆلۆجی

1- هەمیشە داگیرکەرەکان بە پێی نەخشەو پیلان هەوڵی لە ناوبردنی هەستی نەتەوەیی و لە بیربردنەوەی کلتوری نەتەوەییدا بوون لەلای خەڵکی بەشکتي و لەلای نەوەی نويچ بەتايبەتی، تاوەکو نەوەی نوێ گوێ بە ناسنامەی نەتەوەیی نەدات و بێ ئاگا بێت لە مێژوو و جوگرافیا و ...تاد و گشت زانستە مرۆییە پەیوەند دارەکان بە کوردەوە .

2-دابەشکردنی کوردستان بە بەرنامەیەکی کۆلۆنیالی، هەستی نەتەوایەتی لای کورد سستکردووە .

3- کاریگەری بیری شۆڤێني نەتەوەیی داگیرکەرەکان، هۆکاری سەرەکی بوون لە هوشیار نەبوونەوەی نەوەی نوێ و نەهێشتنی سۆزی نەتەوەییان.

4- زۆرینەی خەڵکی کوردستان نەخوێندەوار و دواکەوتوو بوون و کارتێکراو بوون بە کلتورو سۆزی تایەفەگەری و خێڵایەتی .

5-دوژمنانی کورد سودیان لە سۆزی ئایینی وەرگرتووە، بۆ هەڵخەڵەتاندنی کورد بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆیان

کوردۆلۆجی پێویستی بە بەرنامەیەکی زانستی و ئەکادیمي و سەردەمیانە هەیە، بۆئەوەی بەئاسانترین ڕێگە هەم پارسەنگی رابردو بداتەوە، هەم گەل هوشیاربکاتەوە، لەکاتێکدا لە ئێستادا کورد خۆی فەرمانڕەوایی خۆی دەکات.

6-کوردۆلۆجي تێماندەگەیەنێت ، کە ئێمە کێبووین و کێین و لەکوێ ژیاوین، مێژوو و بوونمان چییە، لە کوێ دەژین ،زمانەکەمان سەر بە چ خێزانە زمانێکە ، خاوەنی چ کلتورو ئەدەبێکن، هەموو ئەمانەش بەهەڵدانەوەی مێژو و کۆکردنەوەی ئەو نوسراوانەی کە بەدرێژایی مێژوو لەسەرمان نوسراون، چ لە لایەن بێگانەوە، یان لە لایەن خودی کوردەوە .

# ئامانجی کوردناسەکان



ئامانجی سیاسی



ئامانجی بازرگانی

ئامانجی ئاینی



ئامانجی ئابوری



ئامانجی زانستی



# چەمك و پێناسەی رۆژهەڵاتناسی

-رۆژهەڵاتناسی به عەرەبی (استشراق) به فارسی(خاورشناسی) و فەرەنسی (orientalism) پێدەڵێن.


-چەمکی رۆژهەڵاتناسی له وشەی( رۆژهەڵات) لەگەڵ وشەی ( ناسی) که له قەدی چاوگی (ناسین) پێکهاتوه، بەمەش بریتییه له کارکردن لەسەر ئەو وڵاتانەی، که دەکەونه رۆژهەڵات چ لەروی زمان و ئاین و مێژو و جوگرافیاو .........تاد.

واته ئەو زانستەیه کار لەسەر وڵاتانی رۆژهەڵات دەکات و دەیانەوێت شوناس و پێگەو رۆڵی ئەم وڵاتانه بەدرێژایی مێژوو بناسین.






# مێژوی بەکارهێنان



( هیرۆدۆت 484 – 425 پ . ز )




سترابۆن 64 پ . ز – 23 م




(گەزنەفۆن
430 – 354 پ . ز )

لە سەرەتاکانی شەڕی نێوان ئیمپڕاتۆریەتی یۆنان و فارس ، چونکە لەو کاتەدا کوردستان بوو بوو بە شانۆی شەڕ، ئەوانەی باسیان لەم مێژووە کردبێت (گەزنەفۆن 430 – 354 پ . ز ) ، لەگەڵ مێژونوسانی وەك ( هیرۆدۆت 484 – 425 پ . ز ) ، ( سترابۆن 64 پ . ز – 23 م )، واتە ئەوانە کۆنترین کەسن ئاماژەیان، یاخود باسیان لە کوردستان کردبێت. 7

-بۆیەکەمجا ر زاراوەی ڕۆژهەلأتناسی (Orientalisn) لە زمانی فەرەنسیدا لە ساڵی 1799 دەرکەوت ، لە زمانی ئینگلیزیشدا لە ساڵی 1838 دەرکەوت

-زانستی ڕۆژهەلأتناسی لەئەوروپا بە بڕیارێکی کەنیسەیی(ئەنجومەنی ڤیەننا) و لە ساڵی1312 بە شێوەیەکی فەرمی دامەزراوە ،هەر بە پێی ئەم بڕیارە، دەستکرا بەوتنەوەی زمانی ڕۆژهەلأتییەکان لە زانکۆکانی ئۆکسفۆرد، پۆڵۆنیا، پاریس، کامبرج ......هتد

-لە فەرەنسا لە سەرەتای سەدەی شانزە کار لەسەر ڕۆژهەلأتناسی کراوەو لەساڵی(1530 )لە کۆلێژی شاهانە(college royal) لە سەردەمی فرانسوای یەکەم، وانەی زمانی یۆنانی و عیبری دەوترایەوە، دواتریش باڵیۆزخانەی خۆی لەدەوڵەتی عوسمانی و سەفەویدا کردەوە، بەمەش پەیوەندییە سیاسییەکان زۆر و فراوان بوون.








# مێژووی رۆژهەڵاتناسەکان

## یەکەم: گریکەکان

## ئاناباز




( هیرۆدۆت 484 – 425 پ . ز )




(گەزنەفۆن 430 – 354 پ . ز




سترابۆن 64 پ . ز – 23 م




کتێبی(ئاناباز Anabasis)بە زمانی یۆنانی تۆمارکردووە، تێیدا باس لەو ناخۆشی و کارەساتانەی بە سەر خۆیی و لە شکرەکەیدا هاتووە لە کوردستاندا، واتە ئەو شەڕانەی کە لە وڵاتی Cardouque کوردان رووبەڕویان بۆتەوە.

## دووەم: ئەرمەنی


Moses khoren

مایسای خۆرێنسکی






## سێیەم: کتێبە پیرۆزەکان



## زانا ئاینییەکان





# مێژوو نوسە کوردەکان لە دوای سەدەی نۆزدە

بە گشتی هەندێك مێژونوسی کورد ، بە پێی توانا و سروشت و قۆناغەکەیان ڕۆڵیان، لە ناساندنی کورد و نەتەوەی کورددا هەبووە، بۆ نمونە :

یەکەم: راستەوخۆ:

–عبدالرزاق نەجەف کتولی خانی دونبولی(1827)مردووە، (تأریخی دەنایلە) ی نوسیوە و لە ساڵی (1850) سەرلە نوێ بە دەستنوسێکی دیکە نوسراوەتەوە .

–ڕۆستەم خانی کوردی ئەحمەد خانی دونبولی (اشارە المڑاهب اشارە الادیان) ی نوسیوە .

شەرەف خانی ئەردەلانی ، (1804 – 1847) (مێژوی ئەردەلان) ی نوسیوە ، یەکەمین ژنە مێژوونوسە لە کورد و ڕۆژهەڵاتدا کاری لەسەر کردبێت .


–ئیدریسی بەتلیسی ، میرزا ئیسماعیل کوردی مەلا عەلی شارەزوری ، خەسرەو بەگی مچف ، بە فاسی نوسیویانە.

دووەم : ئەوانەی ڕاستەوخۆ بە کوردی نوسیویانە :


1–(مەلا مەحمودی بایەزیدی) لە کۆتایی (1850) یەکەم نوسەرە کە مێژووی کوردی بە کوردی نووسیوە

2– ڕۆژنامەی کوردستان وەك یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی، کە لە 22 / 4 / 1898 دەرچووە و باس لە مێژو و ئەدەبی کوردی دەکات ، لە ژمارە (8 – 14) لە بارەی مێژووی کوردەکانی جەزیرە نوسیویەتی، یان مێژووی ئەیوبیسەکان ، مێژووی کورد ... تاد

# پیشەو پسپۆری ڕۆژهەڵاتناسەکان



فەیلەسوف و مێژوونوس وجگرافیاناسەکان



سیاسی وسەربازییەکان

قەشەو مژدەدارەکان



شاعیری گەورەی فەرەنسی (لامارتین)یەکەمین کەسە لە سەدەی نۆزدەوە ناوی کورد لە کتیبەکەیدا بەکاربهێنێت،پاشان (شارل بودلێر)لە کۆتای هەمان سەدەدا باس لە کورد دەکات.



شاعیرو نوسەران

هونەرمەندەکان



# بەگشتی ئەو سەرچاوانەی باسیان لە کورد کردبێت، بریتین لە

**تائێستا بێگانەکان بە چوار قۆناغی جیاواز و لە بەرژەوەندی جیاواز هاتونەتە کوردستان :**

تائێستا بێگانەکان بە چوار قۆناغی جیاواز و لە بەرژەوەندی جیاواز هاتونەتە کوردستان :

1. لەسەدەی پێش زاینیەوە، تاوەکو جەنگی جیهانی یەکەم .
2. لە جەنگی جیهانی یەکەمەوە، تاوەکو سەرەتای شەڕی عێراق و ئێران .
3. لە سەرەتای شەڕی ئێران و عێراقەوە، تاوەکو روخانی رژێمی سەدام .
4. لە ساڵی 2003 تاوەکو ئێستا .

| سەرچاوەکان | | |
|---|---|---|
| ساڵ | سەرچاوە | زمان |
| 1100 | 2 | ئیسپانی |
| 1200 | 2 | ئیتالی |
| | 1 | ئیسپانی |
| | 1 | پرتوگالی |
| | 1 | ئەرمەنی |
| | 1 | چینی |
| 1300 | 1 | ئیتالی |
| | 1 | روسی |
| | 1 | فەرەنسی |
| 1400 | 3 | ڕوسی |
| | 1 | ئیتاڵی |
| | 1 | ئەڵمانی |
| | 1 | هەنگاری |
| 1500 | 4 | فەرەنسی |
| | 2 | ئەڵمانی |
| | 1 | ئیتالی |
| | 2 | عبری |
| 1600 | 5 | فەرەنسی |
| | 3 | ئیتالی |
| | 2 | ئەڵمانی |
| | 2 | ئینگلیزی |
| | 1 | ڕوسی |
| 1700 | 6 | ئەڵمانی |
| | 6 | فەرەنسی |
| | 5 | ئینگلیزی |
| | 4 | ئیتاڵی |
| | 2 | ڕوسی |
| | 1 | دانیمارکی |
| | 1 | |
| 1800 | | سەرچاوەکان زیاتر بوون و بوونەتە سەدان سەرچاوە و بە زمانی جیاواز نوسراون |

# بایەخی گەڕیدەی میللەتان بە کورد

| سەدە | میللەت | زمان |
|---|---|---|
| پ . ز | یۆنانییەکان | یۆنانی کۆن |
| 800 – 100 | یەك سەرچاوەی ئەرمەنی | ئەرمەنی |
| 1500 – 900 | زانا موسڵمانەکان | عەرەبی |
| 1700 – 1500 | ئەوروپی و کورد | زمانی ئەوروپی و فارسی و عوسمانی |
| 1900 – 1800 | ئەوروپیەکان | زمانە ئەوروپیەکان |
| 1858 | کورد | کوردی |

# گەڕیدەکان لە سەدەی 14-16

| ولاّت | ژمارە |
|---|---|
| ئیتاڵی | 136 |
| ئەڵمانی | 80 |
| روسی | 79 |
| فەرەنسی | 43 |
| ئیسپانی | 18 |
| سویسری | 16 |
| یۆنانی | 14 |
| ڕوسی | 10 |
| پورتوگالی | 8 |
| عەرەبی | 8 |
| دانیمارکی | 3 |
| کۆی گشتی | 449 |

لە کۆیی (449)گەریدە  لە هەموو دنیادا لە سەدەیی( 14– )16 سەریان لە تورکیا داوە

| پیاوپی میری و سیخوڕ | قەشە | بەگزادە | بازرگان | ئەرستۆکرات | نوسەر | سەرباز |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 170 | 80 | 75 | 38 | 36 | 26 | 24 |



# پێگەی رۆژهەلاتناسەکان

## یەکەم :ئیتاڵییەکان:

1-مارکۆ پۆلۆ (M. Polo-1324 1254)

-مارکۆ پۆلۆ جوگرافیاناس و گەڕیدەی ئیتالی لە 15/9/1245 لەشاری ، بوندوقیە( ڤیەننا)ی ئیتالیا لەدایکبووەو لە 8/1/1324 کۆچی دوایی کردوە

-کە لە دایکبووە باوکی گەشتی کردووە، ئیدی باوکی نەدیوە، بۆیە ئەمیش وەك باوکی گەشت دەکات، یەکێکە لە بازرگان و دۆزەرەوە ئیتالییەکان.


لە ساڵی 1270 گەشتی بۆ کوردستان کردووەو لە کۆتایی ساڵانی 1290 دا کتێبەکەی نوسیوەو باسی لەم سەردانە کردووە، واتە یەکێکە لەو ئەوروپیانەی کە دوای یونان، باسی لە کورد کردبێت.



-ئۆپۆلۆ دەڵێت" کوردەکانی وڵاتی موسڵ، مەسیحی ژ کۆبی و نەستۆرین، کەواتە کوردەکان کریستانی بوون، دواتر بوونەتە موسڵمان، واتە پێشتر سەر بە ئاینی تر بوون، بێگومان کورد هەر لە زەردەشتەوە ئەم ئاینەیان هەڵبژاردووە و دواتر بوونەتە کاکەیی و مەسیحی و موسڵمان.

<u>جگە لەم</u> ریکۆ دی مۆنتیکرۆتی Ricoldo da montecrotse هاتۆتە رۆژهەڵات و بە چیاکانی رەواندزدا تێپەڕبووەو چۆتە شەقڵاوە، لە کتێبەکەیدا باسی لە کوردو کوردستان کردووە









# 2–ماوریزیۆ گارزۆنی (Maurizo Garzoni)





GRAMMATICA
E VOCABOLARIO
DELLA
LINGUA KURDA
COMPOSTI
DAL P. MAURIZIO GARZONI
De' Predicatori Ex-Miſſionario Apoſtolico

ROMA MDCCLXXXVII.

Nella Stamperia della Sacra Congregazione di Propaganda Fide
CON LICENZA DE' SUPERIORI.

- گارزۆنی لە ساڵی (١٧٣٤) لە شاری تورینۆ لە دایکبوەو لە ساڵی (١٧٦٢) هاتوەتە موسڵ، چونکە لە ساڵی (١٦٣٢) یەکەمین دێر بۆ کاسۆلیکییەکان لە موسڵ دروستکرا، لە ساڵی ١٧٨٣ بەهۆی نەخۆشیەوە ناچاربوو بگەڕێتەوە ئەوروپا.

- پاشان لە ساڵی ١٧٨٧ گەڕانەوە موسڵ و دوو ساڵی تر لەوێ مایەوە، لە ساڵی ١٧٨7 گەڕایەوە ئەوروپاو کتێبی (ڕێزمان و فەرهەنگی زمانی کوردی) نوسیوەو لە ساڵی ١٧٨8 بڵاوکراوەتەوە، پاشان لە ساڵی ١٨٢٦ دوو جار لە ئەستەمبوڵ چاپکرایەوەو لە بەغدا و دیاربەکر بڵاوکراوەتەوە، __بۆیە گارزۆنی بە ڕابەری ڕێزمانی کوردی دادەنرێت.__

- گارزۆنی یەکەم کەسە لە ئەوروپادا پشتیوانی ڕەسەنایەتی زمانی کوردی کردبێت، ئەگەرچی تا ئەوکاتەش دەخرایە سەر زمانی فارسی، هەر لەبەر ئەوەشە بە باوکی کۆردۆلۆجی دادەنرێت.
- دیلاخالی (١٥٨٦-١٦٥٢) لە سەدەی حەڤدەدا ئەوەی خستەڕوو، کە کورد زمانی تایبەت بە خۆی هەیە و جیاواز لە زمانەکانی دەوروبەری (عەرەبی،تورکی،فارسی) بەلاّم زمانەکەیان لە فارسیەوە نزیکە، وەك لە زمانی تر.
- گارزۆنی (٤٦٠٠) وشە و پێشەکییەکی (74) لاپەڕەیی نوسیوە، پێنج دیالێکتی بە پێی ئیمارەتەکان دیاریکردوە(قەلاّچوالان، ئامێدی،جولەمێرگ،جەزیرە،بەتلیس).

| ڕێزمان و فەرهەنگی کوردی 1788 | پشتیوانی ڕەسەنی زمانی کوردی | 4600وشە 74 لاپەرە بە(5) دیالێکت |
|---|---|---|

↓

رابەری ڕێزمانی کوردی



# 3-میریلا گالیتی(1949-2012)

- میریلا گالێتی لەساڵی1949لەنزیك شاری(bologna) لەئیتالیا لەدایکبووە، هەر لەوێش خوێندنی تەواوکردووە، لەوێ و ساڵی 1970 زانکوشی تەواوکردووە.
- دواتریش دکتۆرای لە زانستی سیاسەدا لە ساڵی 1974 لەسەر(بنیادی سیاسی و بەهای رۆشنبیریی کومەڵگەی کوردی )بەدەستهێناوە.
- - ماوەیەکی زۆریش وەك ماموستای کوردۆلۆژی کاریکردووە، لەساڵی 1970 هاتوەتە کوردستان ئاگاداری بارودوخی سیاسی کوردستان وگەلەکەی بووە ،لەم بارەیەوە لێکۆڵینەوەی مەیدانی ئەنجامداوە.
- لەساڵی1990وەك ماموستای (مێژو و شارستانیەتی کوردی) لە زانکوی پۆلۆنیاو تریستا کاریکردووە، بەدەیان کتیبی لەسەر مێژو و دابونەریت نوسیووە لەساڵی 1983 ئەندامێکی چالاکی پەیمانگەی کوردی بووە لەپاریس. لە 8/9/2012 کوچی دوایی کردوە، لە 27/10/2012 لەپەیمانگای پاریس چلەی ماتەمینی بۆ گیڕاوە

- کتێبێکی هەیە بەناوی (کورد لەمێژودا )لەساڵی 1990 بڵاوکراوەتەوەو تێدا نەخشەو وێنەی کوردستانی بڵاوکردوەتەوەو لەسەرەتاوە نوسیویەتی" هیچ شتیك لەمردن خوشتر نییە لەپێناوتدا ئەی کوردستان" هەروەها کتێبی (مێژوی کوردی )نوسیوە.
- گالیێتی باس لە شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسی دەکات، و دەڵێت لە ساڵی ١٥٩٧ تەواویکردوە و بە سەرچاوەیەکی باش و بەبایەخی دادەنێت لە بارەی مێژووی کوردەوە، هەروەها باس لەوە دەکات، کە یەکەم سەرچاوە کە لە کورد دوابێت، لە ساڵی (١٢٠٠م) دابووەو تا ساڵی (١٨٠٠) درێژەی هەبووە، ئەم پەیوەندییەش بەهۆی گەشتیارو گەڕیدەو دیبلۆماس و بازرگان و مژدەدەرەکانەوە لەنێوان کوردستان وئیتاڵیاوە دروستبووە، جگەلەمەش باسی لە بیناسازەکانی جەنەوا کردوە لە کوردستان، هەروەها باس لە گەشتیارە ئیتاڵیەکان ( گارزۆنی، کامبانیلی،دی بیانکی) کە وەك  موژدەدەر هاتونەتە کوردستان.

شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسی دەکات، و دەڵێت لە ساڵی ١٥٩٧ تەواویکردوە و بە سەرچاوەیەکی باش و بەبایەخی دادەنێت لە بارەی مێژووی کوردەوە،، یەکەم سەرچاوەیە

نامەی دکتۆرا 1974

ماموستای کوردۆلۆژی


ماموستای مێژو و شارستانیەتی کوردی

کتیبی لەسەر مێژو و دابونەریت

ئەندامێکی چالاکی پەیمانگەی کوردی بووە لەپاریس

کتێبێکی (کورد لەمیژودا ) 1990

هیچ شتیك لەمردن خوشتر نییە لەپێناوتدا ئەی کوردستان



# دووەم: روسەکان
# مینۆرسکی 1877-1966

- ڤلادیمێر فیودورفیچ مینۆرسکی لە شارۆچکەی کورجیفا لە باکوری رۆژئاوای شاری مۆسکۆ،لە خێزانێکی رۆشنبیر لە دایکبووە
- پسپۆرە لە ئێرانلوژیاو کوردۆلۆژیاو ئاسیایی ناوەڕاست
- بەلآم سالآنی 1897–1902 لە روسیاو ئێران بە سەربردووە، دواتر لە 1919 –1932 لە فەرەنسا 1932–1944 لە بەریتانیا کاریکردووە، پاشان هەر لەویٚ خانەنشینکراوەو لە 1966 کۆچی دوایی کردووە .
- قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی لە مۆسکۆ تەواوکردووەو مەدالیای زێری وەرگرتووە، لە ساڵی 1896 چوٚتە کۆلێژی ماف لە زانکۆی مۆسکۆ، لە ساڵی 1900 تەواویکردووە.
- پاشان پەیوەندیکردووە بە پەیمانگای (لازریف) بۆ زمانە رۆژهەلآتییەکان، پاشان کاری دبلۆماسی کردووە، کتێبی (پێشەکییەك لە سەر زمانە سامییەکان) لە ئەڵمانییەوە وەرگێراوە.
- لەساڵی 1902 وەك کاری پراکتیکی پەیمانگە هاتۆتە ئێران، هەندێك کەسایەتی ئەهلی حەقی ناسیوە، لێرەوە کۆمەڵێك سەرچاوەی باشی دەستکەوتووە.
- لەساڵی 1916 سەفیری روسیا بووە لە ئێران و لە تاران چاوی بە سەعید خانی کوردستان کەوتووەو باسیان لە ئەدەبی یارسان کردوە، ساڵی 1917 هاتۆتە کوردستان.
- دوای مردنیشی ژنەکەی (تاتیانا) لەسەر وەسێتی خۆی کتێبخانە ئەرشیفییەکەی لەساڵی 1917 بە دیاری داوەتە پەیمانگای رۆژهەلآتناسی لە (لینیگراد) (پترسبورگ) ی ئێستا .
-


- 1- مینۆرسکی گرنگییەکی زۆری بە دۆزی کورد داوەو بە شێوەیەکی ورد لەم بارەیەوە دواوە، لازاریف دەڵێت" مینۆرسکی گرنگترین زانای کوردولۆژی و باشترین شارەزای کاروباری کوردبووە لە سەدەی بیستەمدا

- 2- لەلایەکی ترەوە هاوسۆزو خەم خۆری کورد بووەو داوای پێدانی خود موختاری کردووە ،لەم بارەوە دەڵێت" دادپەروەرانە پشتیوانییان بکەین، چونکە هەوڵیانداوە بۆ پاراستنی زمان و نەتەوەکەیان"

- 3- کتێبێکی بەناوی( کورد) نوسیوەو (د.مارف غەزنەدار) کردویەتی بەکوردی.

- ئەمەش پاش ئەوەی لە ئێران سەفیر بووە، ئاگاداری بارودۆخی ژێردەستەییان بووە، بۆیە پشتیوانی کردون و داوایکردووە چاکسازی لە روانگەی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە ئەنجامبدرێت .





الأكراد
ملاحظات وانطباعات

ألفه باللغة الروسية ونشره
في سنة ١٩١٥ بتروگراد
البرفيسور ڤ. ف. مينورسكي

ترجمه وعلق عليه وقدم له
الدكتور معروف خزندار

بغداد
١٩٦٨



4- جگەلەمەش لێکۆڵینەوەی (کورد، سەرنج و انتباعات) لەساڵی1915 بلاّوکراوەتەوەو دەڵێت" <u>دۆزی کوردی، یەکێکە لەدۆزە ئاییندەییە گەورەکانی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست</u>«.

5- جگە لەمەش لە سەردەمی سەفیریدا، ڕاپۆرتێکی لەسەر ڕاپەڕینەکەی شێخ مەحمودو سەربەخۆیی و خودموختار بەرزکردۆتەوە بۆ ڕوسیا.

6- بابەتێکی هەیە لەسەر (گۆران)و لەگۆڤاری (گەلاوێژ)ی ژمارە (5) ساڵی(1944) دا لە ئینگلیزیەوە (د.ناجی عباس) کردویەتی بەکوردی، لە گەڵ ئەمەشدا گۆڤاری گەلاوێژ، بایەخی زۆری بەڕۆژهەلاّتناسەکان داوە، لەسەرو هەمووشیانەوە مینۆرسکی .

7- تۆفیق وەهبی لەساڵی 1937چاوی بە مینۆرسکی کەوتوەو سەرسام بووە بەتیۆرەکەی لەسەر بنچینەی کوردو زمانەکەی، دواتر هاتۆتە سلێمانی و سەردانی ڕۆژنامەی (ژیان )ی پیرەمێردی کردوە، دواتر پیرەمێرد ژمارەیەکی بۆناردوە، مینۆرسکی لە لێکۆڵینەوەی (کوردەکان وەچەی میدیەکانن)دا دەڵێت" بنچینەی کورد مادەکانە، ئەگەرنا کوا ئەو گەلە خاوەن مێژووە پاڵەوانە، ئەی ئەم هۆزە زۆرەی کورد لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە، ئەو بابەتانەی کە مینۆرسکی لەسەر کورد نوسیونی بریتین (جوگرافیا،مێژویی،وەرگێرانی سەرئەنجام، لێکۆڵینێك لەسەر ئەهلی حەق، گۆران وئەدەبی گۆرانی1943).

# -ئاگوست ژاپا
# (August kosciesza zaba)

- ژاپا لە ساڵی (١٨٠١) لە خێزانێکی ئەرستۆکراتی سەربازی لە شاری کراسلاف-پۆلۆنیا لەدایکبووەو لە (٣/١/١٨٩٤) لە ئەزمیر کۆچی دوایی کردوە.
- زانکۆی (فیلنسکی) تەواوکردوە، دواتر چووەتە پەیمانگەی زمانی رۆژهەڵاتییەکانی سەر بەوەزارەتی دەرەوەی روسیا لە (سان پیترس بورگ) و زمانەکانی(فارسی، تورکی،عەربی) لە ساڵانی (١٨٢٤-١٨٢٨) خوێندوە، پاشان زمانی کوردی لە ئەرزڕوم فێربووە.
- کاری سەرەکی ڕاهێنانی کەسانی دیبلۆماسییە لە خێزانە ئەرستۆکراتییەکان، دواتر بووەتە وەرگێڕ لە قونسڵخانەی باشوری کوردستان لە ئەرزروم .
- بەڵام لەسەردەمی شەری (قرم) ١٨٥٣-١٨٥٦ لە نێوان روسیا و عوسمانی ئەرزرومی بەجێهێشت.
- لە ساڵی ١٨٦٦ وازی لە کاری دبلۆماسی هێناوەو خۆی بۆ مەسەلەی کورد تەرخانکردوە، بەوەی سەرقاڵی دیوان و کەلتوری کورد بووە.



## سێ فەرهەنگی داناوە:

- 1-(کوردی -فارسی) ١٨٧٩ وەك باشترین کاری ئەکادیمی هەڵبژێرا،(٤٦٣ ) لاپەڕە بوو (١٥٠٠٠) وشەی کوردی هێناوەو باسی لە بنچینەو باسکردن و نزیکترین لە زمانی تورکی و فارسی کردوە ، ئەم کارەشی بە هاوکاری مەلا مەحمودی بایەزیدی و لە ساڵی (١٧٩٧-١٨٦٨ )بووە.
- 2-فەرهەنگی (فەرەنسی-کوردی-روسی) .
- 3-(کوردی-فەرەنسی-روسی) بووە و تا ئێستاش دەستنوسەکانی لە ئەکادیمیای زانستی روسی لقی بترس بۆرگی پارێزراوە.
- هەروەها هەڵگرتنی پەخشانی (عادات و رسوماتنامەی کورد)ی مەلا مەحمود بایەزیدی و پاراستنی لە کتێبخانەی روسیا.
- ژاپا (44) دەستنوسی پەخشان و چیرۆك و زمانەوانی مێژوویی کوردی، بە زمانی کوردی، کە لە ناوەڕاستی سەدەی 19 نوسراون، پاراستوە، ئەم کارەش بە هاوکاری مەلا مەحموودی بایەزیدی (1799 - 1867) ئەنجامدراوە .
- ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە ژاپا رۆڵێکی گرنگی لە پاراستن و بەئەرشیفکردنی مێژوی کورددا هەبووە، لەگەڵ ئەمەشدا مەلا مەحمودی بایەزیدیش بەشێکی زۆری لەم پێگەیە پێدەبەخشرێت، چونکە لەم بارەوە (م . پ ڕۆدنگۆ) لە پێشەکی (عادات و رسومانتاری ئەکرادیە) دا دەڵێت" ئەگەر هاوکاری مەلا مەحموود و ژاپا نەبوایە ، ئەوا بەشێکی زۆری گەنجینەی ئەدەبی کوردی نەدەزانرا“

## کەواتە ڕۆڵی ژا پا بریتییە لە :

1.کۆکردنەوەی دەستنوسی کوردی .
2.وەرگێڕانی پەخشانی کوردی بۆ فەرەنسی .
3.دانانی قاموسی کوردی فەرەنسی .
4.هاندانی بایەزید و نوسەرانی دی .

- کارە ئەدەبیەکانی ژا پا

(1) چیرۆکی مەم و زین(1856)، کە بایەزیدی بە کرمانجی نوسیویەتی و ژاپا کردویەتی بە ئەلفبێی لاتینی و وەریگێڕاوە بۆ فەرەنسی .

(2) چیرۆکی لەیلا و مەجنون،(1859) بەرهەمی بایەزیدیە و ژاپا بە ئەلفبێی لاتینی نووسیوەو وەریگێڕایە سەر فەرەنسی .

(3)حیکایەت : چل چیرۆکی کوردیە، بایەزیدی نوسیونی و ژاپا وەریگێڕاونەتە سەر زمانی فەرەنسی .

(4)پەخشانەکەی مەلا مەحمودی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فەرەنسی .

(5) دانانی فەرهەنگ .

- کۆی ئەم کارانەش ئەوە دەردەخەن، کە پەیوەندی نێوان ژاپاو بایەزیدی بەهێزبووەو داینەمۆی کارەکانی ژاپا، مەلامەحمود بووەو بەهەردوکیانەوە ڕۆڵی گەورەیان لە پاراستنی ئەدەب و کلتورو.......تاد کورددا هەبووە.



# باسيلی نكيتين 1885-1960




- نكيتين له شاری(Sostonovit) پۆڵندی لەدایكبووە، كە ئەوكات بەشێك بوو لە ئیمبراتۆریەتی روسی
- لەساڵی 1904 ناوەندی تەواوكردوە.
- چوەتە پەیمانگەی لازاریف لە روسیا، فێری فارسی و توركی بووە.
- ساڵی 1908 بۆ 1911 لە بالیۆزخانەی روسی كاریكردوە.
- 1915 بووەتە جیگری قونسل لە رەشت كە بنكەكەی لە ورمیە بووە.
- لەساڵی1915 هاتۆتە شاری سابلاّخ ،بەهۆی بەدواداچوونكردنی لەكوشتنی كونسوڵی روسی (یاس yass ) لە كانونی ساڵی .
- 1914 هەوڵیداوە هۆزە كوردییەكان بۆلای روسیا ڕابكێشێت، بەهۆی ئەمەشەوە كۆمەڵێك كەسایەتی ناسی، وەك (خان سەردار) كە لەساڵی 1915 توركەكان كوشتیان، لێرە هەوڵیداوە كوردی فێربێت.



- لەساڵی1915-1918 لەورمیە ماوەتەوە، بۆیە لەنزیکەوە کوردی ناسیوەو تێکەڵیان بووە.

- لەسەرەتای جەنگی جیهانی یەکەم، بەهۆی وێرانبوونی شاری ورمیەوە، بوو بە نوێنەری روسیاو بە رووسەکانی وتوە واز لە کوردەکان بهێنن، با چەکەکان بۆ خۆیان بێت، کچە مەسیحییەکانیان رادەستکردەوە، لێیانگەڕێن با ئازادبن لە بڕیاردانداا.

- لەساڵی 1956 کتێبی (کورد)کە لێکوڵینەوەیەکی سۆسیۆلۆژی و مێژووییە، بەزمانی فەرەنسی بلاوکردووەتەوە.

- ساڵی 1964 کراوە بە روسی، دواتر لەساڵی 1987 بە تورکی، لەساڵی 1995 کراوە بەفارسی و عه رەبی، ساڵی 1998 کراوە بە کوردی.





- جگە لەمانەش چەندین بابەت و کتێبی جیاوازی لەسەر کورد نوسیوە، بۆنموونە:
- ساڵی1915 کتێبی لەسەر دەستوری زمانی کوردی و روسی بلاۆکردوۆتەوە.
- ساڵی1917 لەسەر کوردو نیشتیمانەکەیان .
- بابەتی ئەفسانەیی لەساڵی 1922.
- کورد وەك چوۆن لەخوۆیان دەدوێن لەساڵی 1925 .
- حیکاتە کوریەکان لەسالأنی (1929،1926
- مەسەلەی کورد لەڕوانگەی بیێگانەکانەوە لەساڵی 1934
- کوردو ئەرمەن لەساڵی 1936
- پیێگەی کورد لەساڵی 1940.
- کێشەی کوردو کوردستان لەساڵی
- بارودوخی کوردو کودستان لەساڵی 1959 .
- میێژووی کورد لەساڵی 1962.

# لیرخ 1882-١٨٨٤

- له ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا، ئەکادیمیایی زانستی روسیا، چەند لێکۆڵینەوەیەکی گرنگی له بارەی مێژووی کوردو ئەتنۆگرافیا(زانستی وەسفی گەلان) و زمان و ئەدەبی کوردی پێشکەشکردوە.
- یەکێك له رۆژهەڵاتناسان (ب.لیرخ)ەو سیٚ کتێبی لەسەر (کوردانی ئێران) ی نوسیەوە، له ساڵی (١٨٢٨) خوێندنی له زانکۆی پیترسبۆرگ له ساڵی ١٨٥١ تەواوکردوە و نازناوی (رابەری زمانه رۆژهەڵاتییەکان)ی بەدەستهێنا.
- سەرەتا له لیژنەی ئەکادیمی ئیمپراتۆری روسیادا وەرگێڕبووە.
- دواتر بەڕێوەبەری کتێبخانەی رۆژهەڵات له زانکۆی پیترسمبۆرگ.
- کارەکانی لەسەر کورد له ناوەڕاستی ساڵانی (١٨٥٠) دەستپێدەکات، چەندین کاری لەسە کورد و رۆژهەڵاتییەکان ئەنجامداوە،.



- پێش لیرخ هەندێکی تر، سەرقاڵی زمانی کورد بوون، بۆ نمونه:
- ( م.کلابرت) (٣٠٠) وشەی کوردی له ناوچەی (موش) کۆکردوتەوە
- (ریچ) (٢٠٠) وشەی له چوار زاری کوردی کۆکردوتەوە
- ( ئەولیا چەلبی) یش ناوی (١٥) زاری کوردی هێناوە
- (ی.بیریزین ماکیی) دەق وزاری کوردی بلاٌوکردەتەوە
- هورئلی لێکۆڵینەوەی لەسەر زارە کوردەکان بلاٌوکردوتەوە.

- ليرخ دەڵێت" ئەوانەی شیکردنەوەو باسیان لە ڕێزمانی کوردی کردوە، بە شێوەی ورد و قوڵ باسیان نەکردوە، چونکە کەرەستەی پێویستیان لانەبوە، بۆیە گرانە بتوانن لە کێشەی زمانەکە بدوێن و چارەسەری بکەن"
- لەناو هەموو ڕۆژهەڵاتناسەکاندا، ئەوەی زیاتر قسەو باسی لەسەر زمانی کوردی کردبێت و بەراوردی هەندێك لە زارەوەکانی کردبێت و قسەی لەسەر فۆنەتیك کردبێت، ليرخە.
- ئەو ئەلفبێیانەی کە بۆ زمانی کوردی پێشنیارکران نەدەگونجان، بۆیە (ليرخ) پێشنیاری ڕەتکردنەوەی دایە ئەکادیمیاو دواتر پێشنیارەکەی قبوڵکرا، لەگەڵ ئەوشدا ئەوەی خستەروو، پێویست ناکات ئەلفبێی نوێ بەکاربهێنن، چونکە کێشەی نوێ لەفیلۆلۆژیادا دروستدەکات.
- باشترین ئەلفبێ بۆ زمانی کوردی ئەو ئەلفبێیە، کە ئەکادیمی بەرلین(لیبسیۆس) دایناوە،بەمەش لێرخ لەسەر بنەمای ئەم ئەلفبێیە شتەکانی لێکداوەتەوە، لەڕاستیدا(لیبسیۆس) دەنگە کورت و درێژو گوڕگی و زمانی و ...........تاد دیاریکردوە.
- لێرخ لەسەر بنەمای ئەم ئەلفبێیە شتەکانی لێکداوەتەوە، لەڕاستیدا(لیبسیۆس) دەنگە کورت و درێژو گوڕگی و زمانی و ...........تاد دیاریکردوە.




• بۆئەوەی لیرخ پرۆژەی دانانی ڕێزمانی کوردی تەواوبکات، (گراف بلودون)پێشنیاری ئەوەی بۆ ئەکادیمیای روسی کرد، کە بە لەبەرچاوگرتنی کارەکانی لیرخ وگرنگی زمانی کوردی و کارکردنی ماوەیەکی زۆر لەم بوارەدا، بواری لێکۆڵینەوەی زانستی ئەم پرۆژەی بناسرێت وپشتیوانی بکرێت، بەمەش ئەکادیمیا پرۆژەکەی پەسەندکرد.




• بەلاّم کۆمەڵە مێژوی فیلۆلۆژیای روسی، ئەویان نارد بۆ ناوچەی (ئورینبورغ) بۆکۆکردنەوەی کەرەستەی پەیویست بەزمانەکانی(قرغیزی ،باشکیری) پاش گەڕانەوەی لەئاسیا، دەستیکرد بەتەواوکردنی ڕێزمانی زمانی کوردی، بەلاّم نەخۆشی بەرۆکی گرت وساڵی (1884) بۆچارەسەر چووە ئەورووپا، بەلاّم پاش مانگێك کۆچی دوای کرد.




• لیرخ پێیوایە لێکۆڵینەوە لەزمانی کوردی، پەیوەست بکرێتەوە بەمێژووی گەلی کوردو بارودۆخە سیاسییەکەیەوە، چونکە خاوەن مێژویەکی زۆردەوڵەمەندن، تاوەکو لەومێژوە بکوڵینەوەو دەوڵەمەندی ئەدەبی کوردیمان بۆ دەردەکەویت، یان گرنگی ئەدەبی کوردی لە لێکۆڵینەوەدایە لەمێژووی شارستانی و زمانی کوردی، هەر بۆیە ئەکادیمیای روسی زۆرێك لەدەستنوسەکانی کۆکردونەتەوەو چاپیکردون.

لیرخ پێیوایە "زمانی کوردی زمانێکی ئێرانی سەربەخۆیە، چونکە وشەو فەرهەنگی زاراوەیی جیاوازە لەزمانە ئێرانیەکان



# ئوربیلی ١٨٨٧ - ٢-٢-١٩٦١


• ئوربیلی لە ساڵی 1886 لە ئەرمینیا لەدایکبووەو ساڵی (1911)زانکۆی پترسبۆرگی تەواوکردوە، دوو بروانامەی لە یەك کاتدا وەرگرت، بروانامەی مێژوو، زمانە رۆژهەڵاتییەکان، لە تەموزی هەمان ساڵدا، ئەکادیمیای زانستی روسی بەکارێکی زانستی و لێکۆڵینەوە لە زمانی ئەرمەنی و کوردی راسپارد.
• یەکێکە لەو رۆژهەڵاتناسانەی رۆڵی هەبووە لە ناساندنی کورد لە بواری زمانەوانی و رۆشنبیری و کلتوری گەلی کورددا.
• هەر بەم هۆیەشەوە بنکەی لێکۆڵینەوی زمانەوانی و ئەدەبی و مێژویی و رۆشنبیری کوردی لە لینینگراد دروستکردوە.
• فەرهەنگێکی کوردی، روسی داناوە،.

ئوربیلی کاری لەسەر زمانی کوردی لە زانکۆی سبورگ (لینینگراد) لە ساڵی (١٩١٤-١٩٣٥) کردوە.

لە ساڵی ١٩٢٧ چوەتە ناوچە کوردیەکان لە ئەرمینیای سۆڤیەتی و هەندێك فۆلکلۆری کۆکردوتەوە، وەك (مەم و زین) و (لەیلا و مەجنون).

- جگەلەمەش دەستنوسی کە (کەرەستەی لێکۆڵینەوەی لەسەر زاری ئەرمەنی و کوردی) لە موکس جێهێشتوە، ئەو کاتەش لە مۆسکۆ بوو هەوڵیداوە فێری کوردی ببێت، لەم بارەیەوە دەڵێت " بە هەوڵی هەندێك، فێری زمانی کوردی بووم، لەوانە عەلی ئاغا کوری یوسف ئاغا کە خەڵکی دەربەندالانە، جگەلەمەش لە خودی کوردەکانەوە، وشەی کوردیم کۆکردوەتەوە، نەك ئەرمەنەکان" .

- ئەو کاتانەی کە لەساڵی ١٩١٤ لە پەیمانگەی ڕۆژهەڵاتی زانکۆی پترسبورگ دانرا، کتێبی (ئەدەبی کوردی و زمانی کوردی) بۆ خوێندنەوە بە ئەلفبێی لاتینی نوسی، بەڵام چاپنەکرا.
- هەروەها فەرهەنگێکی داناوە، کە تایبەتە بە کەلتوری کوردی و کاروباری کشتوکاڵی لە ناوچەی موکس بە زمانی کرمانجی باکوری، زیاتر لە هەکاریەوە نزیکە، ئەمەش بە کارێکی گرنگ دادەنرێت، کە بە سیستمی ئەلفبێی ڕێکخراوە.
- جگە لەمەش لە قاموسەکەی لیرخ و (بگیزاڕۆف) کارەکان بە ڕانەبردوو خراونەتەڕوو، بەڵام ئۆربێلی ئەم لاساییەی شکاند و جگە لە پاشکۆدا دا باسیکردون، لە ١٣٤ لاپەڕەدا کاری رابردو چوار بەشەکەی و ڕانەبردو و داخوازی بە تێپەڕو تێنەپەڕ خستەڕوو، جگە لەمەش ئۆربیلی لە ساڵی ١٩١١-١٩١٢ هەوڵیداوە ئەلفبێی کوردی دابنێت.
- لە ساڵی ١٩١٣ ڕێکخراوی ڕۆشنبیری کوردی لەناوچەی(خوی)و(عبدوالرەزاق) کە لەنەوەی ئەمیر بەدرخانە، وەك نوێنەری خۆی نارد بۆ بترسبۆرگ، بەمەبەستی دانانی ئەلفبێی کوردی، لەم کارەیدا ئۆربیلی هاوکاری کردوەو چەندین جار بۆچوونی خۆی لەسەر ئەلفبێکە گۆڕیوە، چونکە یەکەمجار لەسە نوسینی ئەرمەنی دایناوە، دواتر گۆڕا بۆ دەقە کوردییەکان بە ئەلفبێی ئەرمەنی و زاری موکسی، ئەم ئەلفبێیەش لە ساڵی ١٩٢٠ ئوکوپوف ،کازاریان(لازو) بۆ یەکەمجار لە کتێبی قوتابخانەی ئەرمەنییای سۆڤیەتیدا بەکارهێنراوە.





-کتێبی ئەلفبێی ئەرمەنی (ئەلفبێی کوردی) کە ئۆربیلی دایناوە، لە (٨) پیتی ڤاوڵ و (٢٨) پیتی نەبزوێن پێکهاتبوو، پیتە نەبزوێنەکانی کوردو ئەرمەنەکان لەیەکەوە نزیکن، پاش ماوەیەك

-ئەم ئەلفبێیەی رەتکردوە، دواتر لەسەر بنەمانی نوسینی روسی، ئەلفبێکی تر بۆ کورد داناوە لە (٣٨) پیت پێکهاتوە، (٩) بزوێن و (٢٩) نەبزوێن.

- ئۆربیلی پڕوایوابوو کە ئەلفبێی لاتینی، گونجاوترین ئەلفبێیە بۆ نوسینی کوردی، لەم بارەیەوە دەڵێت" هەروەك چۆن ئەلفبێی ئەرمەنی لە نوسینی کوردیدا شکستیهێنا، هەروەها ئەلفبێی روسیش سەرکەوتنێکی وای نەهێنا لەو ئەزمونەی کە خرایەڕوو، شیاوی باسکردن بێت، بێگومان هەر ئەلفبێیەکی تریش بەزۆر بسەپێنیت بەرهەمی نابێت، بۆیە باشترین شت ئەوەیە، ئەلفبێی وڵاتێکی تر بەکاربهێنیت، لەم روانگەیەشەوە ئەلفبێی لاتینی لە هەمویان گونجاوترە، بەو هۆیەشەوە ئاستی رۆشنبیری ئەم گەلە مافخوراوە بەرزدەکاتەوە.


- بۆیە لەسەر داوای ئوربلی (ماروگولوڤ) لە ساڵی ١٩٢٨ ئەلفبێی کوردی لەسەر بنەمای لاتینی دانا و زۆربە خێراییش کوردی ئەرمەنیا دەستیان بە بڵاوکردنەوە کرد، هەروەها هاوکاری زۆری رۆژنامەی (رێیا تازە)ی کردوە، جگە لەمەش زۆر سۆڤیەتی پێگەیاندوە، کە چۆن لە ئەدەب و زمانی کوردی بکۆڵنەوە.

- لە کتێبی(یادی سەردەمی روستاڤیلی)دا باسی لە( ئەحمەدی خانی) شاعیر دەکات و خستویەتییە ڕیزی شاعیرە گەورەکانی وەك (فردەوسی، روستاڤیلی)، هەرچی فیردەوسی(1000) ساڵ تەمەنی هەبووە، بەڵام روستاڤیلی (700) ساڵ ، هەرچی ئەحمەدی خانییە، سێ سەدە بەردەوام بووە.

- ساڵی ١٩٥٩ ئوربێلی بڕیاری کردنەوەی بەشی کوردی داوە، بۆئەوەی پەیمانگاکەیان بەشێوەیەکی بەهێز پلانەکەی جێبەجێبکات، بەمەش لە ئازاری ١٩٥٩ کوردۆلۆجی لە بەشی ئێرانی جیاکرایەوەو سەربەخۆ بوو، مامۆستاکانیشی بریتی بوون لە (ق.کوردۆ،ای تسوکرمان، م.رودینکو،دیمیدنیفا)و خوێندکارانی دکتۆرا(ای.ا.سمبرنوفا،ك.ئەیوبی،ز. یوسفی، ئۆرخانی جەلیل) کاریان لەسەر ئەدەب و مێژو و رۆشنبیری کورد دەکرد، کەوایە ئۆربیلی یەکەمین کەسە بەشی کوردی کردبێتەوە و کۆردۆلۆجی بە شێوەیەکی ڕێك و پێك بەرەوەپیشەوە ببات.

- **کارەکانی:**

- 1- دەستنوس 2- فەرهەنگ 3- ئەلفبێی کوردی 4- رێزمان 5-ردنەوەی بەشی کوردی 6- شاعیرە کوردەکان




# چوارەم: فەرەنسا:
# توماس بوا(١٩٠٠-١٩٧٥)



• ساڵی (١٩٠٠) لە شاری (دنكرك) لە فەرەنسا لەدایكبووە، لە منداڵیەوە خەوی بە (قسا)وە بینیوە، ئەمەش هۆكارێك بووە بۆ نزیكبوونەوە لە كریستیانی، بۆیە دوای خوێندنی لە ساڵی ١٩١٩ تێكەڵ بەكاری ڕێینشاندەری كریستیانی بوو، دوای تەواوكردنی خوێندنی باڵا لە ساڵی ١٩٢٧ هاتوەتە عێراق بۆ لێكۆڵینەوە لە بارودۆخی گەلی كورد و فێری زمانی كوردی، عەرەبی، سریانی نوێ)بووە، واتە ئەو زمانەی كریستیانەكانی ڕۆژهەڵات قسەیان پێدەكرد، لە ساڵی ١٩٣٢ بووە بە قەشە لە كەنیسەی ماریە یەعقوب، لە ساڵی ١٩٢٧ بۆ ساڵی ١٩٣٦ لە كوردستان ماوەتەوە، دواتر چوەتە قامیشلو تا ساڵی ١٩٤٠، شەش ساڵ وانەی مێژوی شارستانییەتی كوردی لە پەیمانگەی نیشتمانی زمانە زیندوەكان و شارستانییە ڕۆژهەڵاتییەكان لە پاریس وتوەتەوە.

• لە ساڵی ١٩٥٠-١٩٥٢ گەڕایەوە عێراق و بووە بە مامۆستای فەلسەفە لە پەیمانگەی (ماریوحنا) لە موسڵ، لە لوبنان ئاشنایەتی لەگەڵ بەدرخانییەكان (جلادەت كامەران) پەیداكردوە و بووتە هاوڕێی و سێ لێكۆڵینەوەی لە گۆڤاری ڕۆژی نوێ بڵاوكردوەتەوە.

لەبەرئەوەی لەگەڵ کوردەکانی (عێراق، سوریا، تورکیا، ئێران) دا ژیاوە، گرنگی بە کاروباری مێژو و داب ونەریتیان داوە، لەو بارەوە ٢٣ لیکۆلێنەوەی نوسیوە، ئەمە جگە لە کتێبی(کورد)و( کوردو حەق) بە ناوی خوازراوی (لوسیان رامبۆ)، تێدا گاڵتە بە رۆژنامەی عیراقی دەکات، ئێرانی، تورکی دەکات، کە هاوسێ کوردەکانیان پەراوێزخستوە، بووەتە سەرۆکی لێکۆڵینەوەی کوردی جیهانی و بەهۆشیەوە کتێبی(کوردو کوردستان)ی نوسی، هەروەها کتێبی (ئاوڕدانەوەیەك لە کورد) و کتێبی (لەگەڵ کوردەکان)ی نوسیوە، لەگەڵ کتێبی بەزیدیەکانی چاپکردوە( جیلوە، مەسحەفا رەش)

**هەندێك لە وتە بەناوبانگەکانی:**


١-کوردستان بڕبڕەی پشتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە.


٢-ڕوبەرێکی فراوان و زۆر گەورەی هەیە، کە رووبەرەکەی(530000)کم چوارگۆشەیە، نەخێر لەوە گەورەترە.

٣- دەوڵەمەندە بنچینەییەکانی، بەرهەمەکانی ژێر زەوییە کە نەوتە.

4- گەلی کورد ئازاترین گەلە.






# كريس كوچێرا( 1938- ؟ )

- كوچێرا نوسەرو روژنامەنوسی فەرەنسی لەساڵی (1938 ) لەدایكبووە،
- پسپۆڕە لە( رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و كورد)دا،چەندین كتێب و چەندین وتاری لە رۆژنامەكانی( مۆند دیبلۆماتیك، وسیگ، میدلٚ ئیست.....تاد) لەسەر كورد بلاٚوكردوەتەوە،.
- چەندین جار سەردانی كوردستانی كردووە و چاوی بە هەندێك كەسایەتی كەوتوە، وەك (مستەفا بارزانی) بەهۆیەوە كتێبی (بزوتنەوەی ئازادی خوازی نەتەوەی كورد)ی نوسیوە.
- لەساڵی 1971 بەهۆی بانگیشكردنی لەلایەن وەزارەتی راگەیاندنی عێراقەوە، هاتە عێراق و چاوی بەسەرانی حزبی بەعس كەوتوە، بەلاٚم زۆر ساردبوون لەگەڵی و چەند وتاریكی سیاسیان لەسەر نوسی.
-

دواتر داوای لێکرا سەردانی باکوری عێراق بکات، بەهۆی ئەوەشەوە چاوی بە بارزانی دەکەوێت، جگەلەم، چاوی بەکەسایەتی زور دەکەوێت و زور رێزی لێدەگرن، لەوانە(قاسملۆ، تالْەبانی)، یەکێکە لەو کەسانەی کە لەبارەی مێژوی کوردو ئازادییەکانی کاریکردوەو کتێبی بلأوکردوەتەوە.

## کتێبەکانی لەسەرکورد:

1. بزوتنەوەی نەتەوەیی گەلی کورد، 1979
2. گرفتەکانی کوردو خەونە شێتانەکەی بۆ سەربەخۆ بوون، 1997
3. کوردستان، رێبەری ئەدەبی، لۆزان، 1998
4. کتێبی رەشی سەدام حسین، 2005
5. روداوەکانی کوردستان، 2005
6. *چل سالْ راپۆرت لەسەر کوردستان، کاروانی دورودرێژی کوردان، 2011*



26/10/1889
11/6/1979

# پێنجەم: بەریتانیا: ئەدمۆنز

1- ئەفسەرو دیبلۆماسی بەریتانی لە شاری( ئۆسکا)ی یابان لەدایکبووەو لە قوتابخانەی بیدفۆرد خوێندویەتی


- دواتر کۆلێژی (بمبروك)ی لە زانکۆی کامبرج خوێندویەتی و بەکالۆریوسی لە زمانەکانی (عربی،فارسی توركی) هێناوە.
- بووەتە قونسوڵی بەریتانیا لە رۆژهەلاَت، لەساڵی ١٩٢٥ وەك ئەفسەر دیاریکرا بۆ پەیوەندیکردن بە لیژنەی کۆمەڵەی گەلانەوە بۆ دیاریکردنی سنوری هەردوو ولاَتی نوێی عێراق و تورکیا ویەکلایکردنەوەی چارەنوسی ولایەتی موسڵ ١٩٣٢.
- راوێژکاری وەزیری ناوخۆیی عێراق و ١٩٣٣ ئەندامی لیژنەی دیاریکردنی سنوری عێراق و سوریابووە.
- ساڵی ١٩٣٢ پاشماوەی سکەی ساسانی دۆزیەوەتەوە.

# رۆڵی لەسەرکورد

- **ئەدمۆنز داوایکردوە کرمانجی خوارو بکرێتە زمانی ئەدەبی کوردی و ئەلفبیی لاتینی بۆ رێنوسی کوردی بەکاربهێنرێت، چونکە لەگەڵ دەربڕینەکانیدا گونجاوە، بەڵام حوکمەتی عێراقی دژی ئەوە بووە، چونکە دەبنە هۆی جیابوونەوە.**

**1-توانایەکی باشی لە زمانەوانی کوردیدا هەبووە.**
**2- فەرهەنگێکی کوردی ئینگلیزی لە ساڵی ١٩٦٦ داناوەو ئەلفوبێی لاتینی بۆ وشە کوردیەکان بەکارهێناوە.**

**1- کتێبی (بیبلۆگرافیای کوردستانی باشور1920-1936) و (سۆن لە هەڵەبجە) نوسیەوە.**
**2-لێکۆڵینەوەی (پێشنیاری بەکارهێنانی پیتی لاتینی لە نوسینی کوردیدا ١٩٣١) و هەندێك پێشکەوتن لە بەکارهێنانی پیتی لاتینی بۆ نوسینی کوردی ١٩٣٣).**








# مێجەرسۆن



- ناوی ئیلی بانستر سۆنەو لە 16/8/1881 لە کنزکتن لە بەریتاینا لەدایکبووە، باوکی ناوی (ولیم سۆن)و دایکی (ماری سیکل)

-ساڵی 1889 چووتە خوێندنگەی ئاینی لاسیمر و لەساڵی 1895 چووتە خویندنگەی لاسیمری جیهانی و تا تەمەنی16 ساڵی لەوێ ماوەتەوە.

- لەساڵانی1896 و 1897 خەلات و پلەی شەرەفی وەرگرتوە

- هەر زوو خاسیەتی زمانزانی و لاساییکردنەوەی تێدا دەرکەوتوە.

-ساڵی 1902 پەیوەندی بە بانکی شاهەنشاهی ئیرانەوە دەکات،و ماوەیەکی زۆر لە تاران دەمێنێتەوەو پاشان دەنیرێت بۆ یەزد.

-ساڵی 1903 چوارینەکانی خەیامی وەرگێڕاوە.و ئیرانی زۆر خۆش ویستوە.

-لە ساڵی 1903-1904 لەشیراز دەبێتە ژمێریار.

- بەتەواوی خو و داب و نەریتی ئێرانییەکان وەردەگرێت و لەساڵی 1905 ئاینی ئیسلام و مەزهەبی شیعی لە فارسەکان باشتر پەیڕەودەکات و شارەزاییەکی باشی تێدا پەیدادەکات.

-1906 بووەتە بەڕێوەبەری لقی بانکی کرماشان و دواتر لەساڵی 1907بەهۆی ململانێ لەگەڵ کونسوڵی روسی دەست لەکار دەکێشێتەوەو دەچێتەوە بەریتانیا.

- بەناوی میرازا غولام حسین شیرازی دێتەوە کوردستان و میزۆپۆتامیا.

- لەساڵی 1909 هاتۆتە کوردستان و هەر لێرەش نیشتەجێبووە، هەرچەندە لەسەرەتادا و بەر لە هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی یەکەم بۆ کاری سیخوڕی هاتۆتە کوردستان، تاکو لێکۆڵینەوە بکات و بیباتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی، بۆ ماوەی ساڵێك لەکوردستان بووەو وەك کوردێك خۆی ناساندوە، هیچ کوردێك نەیزانیوە کە ئینگلیزە.

–لەکاتی هاتنی بۆ کوردستان لەرێگەی ئێرانەوە، دەچێتە ماڵی وەسمان پاشای باوکی تایەر بەگی شاعیر و لەوێ ماوەیەك کاریان بۆدەکات، رۆژێك تایەربەگ کتێبی فەرەنسی دەخوێنێتەوە، غولام رەزا پێیدەڵێت" گەوەرم ئەوە فەرەنسی دەزانی" تایەر بەگ دەڵێت « بەڵێ کەمێکی لەبارەوە دەزانم، ئەی تۆ هیچی لێنازانیت، ئەویش دەڵێت بەڵێ، چونکە پێش 6–7 ساڵێك لە ئێران لای کابرایەکی فەرەنسی کارم دەکرد، کەمێك لێی فێربووم، بەلاّم کە قسەی لەگەڵ دەکات لێیدەکەوێتە گومانەوە، رۆژێك لەکاتی قسەکردندا لەبری ئەوەی بلێت نا، دەڵێت(no)بەمەش دڵنیادەبێت کە ئەم پیاوە کورد نییەو ئینگلیزە، بۆیە پێدەڵێت ئەم وشەیە کوردی نییە ئینگلیزییە، ئەویش ئەڵێت مەبەست لە پرسیارەکەت لەبارەی ناومەویە، تایەر بەگ دەڵێت: نەخێر ناوتم گۆڕی و تۆ ئینگلیزی، ئەویش دەڵێت چۆن زانیت، ئەویش دەڵێت لەرێگەی قسەکانتەوە، ئەویش دەڵێت راستدەکەیت من ئینگلیزم ماوەیەکە لە کوردستان و ئێران و تورکیا دەژیم، بۆیە داوای لێدەکات بڕوات تاوەکو عوسمانیەکان نەیگرن و دادگایی بکەن.

- عادیلە خان دەڵێت تایەر پێیوتوم کە گومانم هەیە ئەمە ئەورووپی بێت، منیش پێموتوە من خۆشم دەوێت و میوانمانەو حەقمان بەشتێکەوە نیە کە پەیوەندی بەئێمەوە نەبێت.

–ساڵی 1914 پەیوەندی بە کۆمپانیای نەوتی ئینگلیزی فارسیەوە دەکات لە ناوچەی چیاسرغ لەنزیك خانەقین
– لەسەردەمی جەنگی جیهانی یەکەمدا عوسمانییەکان یەخسیریانکرد، دواتر ئازادیانکرد.
- دواتر چووتە مسر و پاشان لەساڵی1916هاتە بەسرەو لە دەزگای سیخوری بەریتانیاو رۆژنامەکەی کاریدەکردو هەمان ساڵ وەك حاکمی سیاسی چوە دیزەفول.



–ساڵی 1917 کە سوپای بەریتانیا چووە خانەقین ، سۆن حاکمی مەندەلی بووە.

–ساڵی 1919وەك حاکمی سیاسی نێرا بۆ سلێمانی لەبری میجر نوئیل

## كۆمەڵێك كاری گرنگ  بۆ شاریی سلێمانی دەكات:

1- بڕیادەدات تەواوی نوسینی تابلۆكان بكرێن بە كوردی پەتی،

2- پێشبڕكیێ بۆ نوسین بە زمانی كوردی پەتی ئنجامدەدات

3- تەحەدای هەموو نوسەرو شاعیرەكان دەكات و گرەو لەسەر قاپوتەكەی دەكات كیێ بتوانێت لەو باشتر  بە كوردی پەتی بنوسێت.

4- كۆلانەكان رێك دەخات و چەورێژیان دەكات.

5- ئاوو ئاوەڕۆ رێكدەخات.

6-رۆژنامەی( پێشكەوتن) دەردەكات و كاری رۆژنامەوانی و نوسین زۆر گەشەپێدەدات .

7- كۆكردنەوەی ڕۆشنبیرو پیاوانی سیاسی لەدەوری خۆی

-كتێبەكان بریتین لە:

1- رێزمانی زمانی كوردی 1913

1- -گرامی كورد( باس لە دیالێكتەكانی زمانی كوردی دەكات)

3- لێكۆڵینەوە لە كوردەكانی سلێمانی

4-كتێبی(رحله متنكره الی بلاد ما بین النهرین وكوردستان جزوین)

5- كاری لەسەر زمانی كوردی و بارودۆخی كورد لە كرماشان كردوه



–دەڵێت» کورد گەلێکە خوێنی لەگەڵ هیچ گەلێکی تردا تێکەڵ نابێت و خوێنی پاکە،دژی داگیکەرانی ئاشوری و فارس و یۆنان و رۆمان و عەرەب و مەغوڵ مەستاوەتەوەو رووبەرووبونەوەشان لەهەموویان توندربووە، هەربەمەش توانیویەتی بوونیەت و مانەوەی خۆی بپارێزێت.

– کورد کۆنترین گەلی ئەم ناوچەیە، لەگەڵ ئەوەی ئەم مافەیان لێوەردەگرنەوەو کەمترن مافی رۆزبوونیان پێنابەخشن.

–ئەگەر منداڵێکی کورد لەنێوان لەنێوان چەند منداڵێکی ئینگلیزیدا دابنێیت، لەیەکتریان جیاکەیتەوە، ئەمەش لەبەر رەسەنی و خاوەن مێژوویيانە.

–دەڵێن کوردەکان جنۆکەو تارماییین و لوچیاکان دادەبەزن و خەڵکی دەکوژن، بەڵام کورد گەلێکی ئازاو چاونەترس و راستگۆ و خاوەن شەرەف و ئەدەب و مێژووە.

زۆرترین سوپای شا عەباس لەساڵی1624 کوردی موکری بوون کە تورکیان شکاند.

–گۆران و لوڕەکان سەر بە پێغەمبەر داودبوون

–تورکەکان زۆرترین هەوڵیانداوە بۆ لەناوبردنی زمانی کوردی

–ساڵی 1922 نەخۆشی سیلی لێدەردەکەوێت و ناچاردەبێت بگەڕێتەوە بۆ لەندەن

– پاش وەرگرتنی چارەسەر، حکومەت بۆ گەشت دەینێرێت بۆ ئەفریقا، ئەمەش وەك وەفا بۆ کارەکانی، چونکە نەخۆشیەکەی خاپگرتبوو.

–لەساڵی 22/2/1923 لەکاتی گەرانەوە لە ئەفرقاوەو بەهۆی خراپبوونی باری تەندروستی، لەرێگەی دەریاوە کۆچی دوایی دەکات و تەرمەکەی دەخرێتە ناو دەریا .

# شەشەم :توركیا


## 1- ئەولیا چەلەبی


-ئەولیا چەلەبی لە 16/3/1615 لە توركیا لەدایكبووەلە ساڵی 1684 كۆچی دوایی كردوە.

-لەساڵی 1650 لە دیاربەكرو تەبلیس و وان بووە، دەڵێت"زۆر شاعیری قسەزان و زمانپاراو هەن، لەبەتلیس (7) شاعیرم ناسی كە دیوانیان هەیە، لەوانەش شای شاعیران هەیە"

-هەروەها دەڵێت" عبدالخانی میری بەتلیس(76) بەرگی بە فارسی و عەرەبی و توركی و(500) نامیلكەی جۆراوجۆری بە فارسی هەبووە" كەواتە پەخشان لەو ماوەیەدا زۆر باوبووە، بەتایبەتی نوسین بە فارسی.

-دوابە دوای گەزنەفۆنەوە لە (400 پ.ز ) كە باسی لە زمانی كوردی كردبێت (ئەولیا چەلەبی)یە لە سیاحەت نامەكەی دا كە لە(10) بەرگ پێكهاتوە، لەساڵی 1655 لەبەشی كۆتاییدا، هەندێ تێبینی بە زمانی كوردی نوسیووە، هەندێك تێكستی قسەی ڕۆژانای بە زمانی كوردی هەڵگرتووە.






# ئیسماعیل بیێشکچی (1939-؟)

- لەساڵی 1939 لەشاری (اسکیلیب)لە ولایەتی (گورووم) لەدایکبووە، هەرلەوێش قوناغی سەرەتای خوێندوە.

-لەساڵی 1961 لێکوڵینەوەی مەیدانی ناوچەی (ئەزیخ- عەزیز)لەسەر زمان و مێژوو جوگرافیاو نیشتمانی کوردان کردووە، بەهۆی ئەموشەوە ئاشنایی لەسەر کوردو مێژوو زمان و..... هتد پەیداکردووە، بۆیە بەرپرسان و ماموستاکەی ئاگاداردەکاتەوە لە خۆبواردن لەم کێشانە، دوو جار مامۆستاکەی ئەوەی خستوەتەروو کە" کوردەکان تورکی وەحشین، یان شاخاوین"

-ساڵی 1962 بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زانستی سیاسیدا لە زانکوی ئەنکەرە وەرگرتوە .

-1962-1964 خزمەتی سەربازی لەشارەکانی(بتلیس ،هەکاری) کردووە، بەمەش زیاتر گەلی کوردی ناسی و ئەوەی خستەروو، کە کورد نەتەوەیەکی سەربەخوی رەسەنە.

-1964-1969 وەك مامۆستای یاریدەدەر لە زانستی کۆمەڵناسی لەزانکوی ئەتاتورك لە ئەرزرووم وتوتەوە.

-ساڵی 1967 ناوی دکتۆراکەی لەسەر (رێکخستنی کومەلایەتی لەیەکێك لە عەشیرەتە کوردە کۆچییەکان لەنێوان ناوچەکانی سیلفان وشاخی نەمرود) نوسیوە.

-ساڵی 1971وەك ماموستا لەکولێژی زانستی لەزانکوی ئەنکەرە کاریکردووەو لە

- سالّی 1971-1990، (27) سکالّای له دژی تۆمارکرا، (21) سالّ زیندانی بەسەردا سەپینرا.
- لەدوای کودەتای سەربازی 12/3/1971 بەهوی وتار و وانەو لێکولّینەوەکانی لەسەر کورد و هاندان و ناساندنی زمانی کوردو نەتەوەی کورد، تەواوی مامۆستاو خوێندکارانی زانکوی ئەتاتورك شایەتیان لەدژی دا، بەلاّم بێشکچی نکولّی لەمە نەکردو دادگا له 22/7/1971 (13) سالّ و(7) روژ بەندکردنی بەسەردا سەپاند.

- له 23/3/1982 بەهۆی ناردنی نامە بۆ سەرۆکی یەکیەتی نوسەرانی سویسری، له 14/8/1980، (10) سالّ زیندانی بەسەردا سەپێنرا، هەر لەسالّی 1980نامەکەی بە ئینگلیزی و فەرەنسی بلاّوکرایەوە.
- لەسالّی 1990 درا بەدادگاو بەهۆی کتێبی (روشنبیر، ریکخراو و مەسەلەی کورد)و(کوردستانی داگیرکراو) و(زانست، ئایدۆلۆژی فەرمی دەولّەت ، دیمکراسی و مەسەلەی کورد) له 25/7/1990 بەهۆی کرانەوەی ئازادی له تورکیا ئازادکرا .
- له 1/8/1991 بەیاسای تیرۆر بەندکراو له 31/10/1991 ئازادکراوە .
- سالّێك بەندکردنی بەهۆی وتاری ( پەیوەندیکردنی ژنە کوردەکان بەریزی شورشگیرانەوە)بۆ دەرچووە، جگە لەمەش (6)سالّ و(6) مانگی بەهۆی کتێبی(تێروانینەکان لەسەر حزبی کریکارانی کوردستان ، ئەلّتەرناتیڤی ئازادی) بەسەر دا سەپێنرا و سالّی 1999 لێبخوشبوون .

-تا ساڵی 2000 بێشکچی بەهۆی نەتوانینی دانی غەرامەکەی سزاکانی، (76)ساڵ بەندکردن و (6)ملیۆن و نیو لیرەی تورکی غەرامەکراوە، بەهۆی ئەمەشەوە دەبێت (198)ساڵ (5)مانگ بەندبکرێت، بەمەش دەبێت بە دریژایی تەمەنی لە بەندینخانە بمێنێتەوە.

- لە ساڵی 2010 چاوپێکەوتنێکی لەسەر مەسەلەی کورد ئەنجامدا.

-لە 5/5/2012 بنکەی رۆشنبیریی (وەقفی بێشکچی) کرایەوە، لەم بۆنەیەدا رایگەیاند" حکومەتی تورکیا لە مەسەلەی کورد تێناگات"

- بەگشتی (17) ساڵ زیندنی لەسەر کورد بەسەر بردوە.

-هەموجارێك بە راشکاوی لەبارەی کوردەوە وتیویەتی"دامەزراندنی دەولەتی کوردی مافێکی نەتەوەیی کوردە"

- لە 9 ئەپریلی2013 سەردانی گڵکۆی ئەنفالی کرد لە چەمچەماڵ، رایگەیاند" زۆرخۆشحاڵم کەسەردانی باشوری کوردستانم کردوەو دەبینم کورد خاوەنی سیستمی خۆبەڕێوەبەریەتی خۆیەتی، لەگەڵ ئەوەی مێژوێکی زۆرە شەر لەپێناوی ئازادی و سەربەخۆییدا دەکەن.

- ساڵی 4 ... کتۆرای فەخری لەلایەن ز ... پێبەخشرا.





# دانیمارك

# هێنی هانسن Henny Harold Hansen 1993

– رۆژهەڵاتناسی دانیمارکی، لەگەڵ ئەوەی خەونی بەوەوە دەبینی ببێتە وێنەکێش، بەڵام باوکی ناردی بۆ پاریس، بۆئەوەی ببێتە بەرگدروو، دواتر دەستیدایە کاری زانستی، لەساڵی ١٩٤٠ مۆزەخانەی نیشتمانی دانیمارکی دامەزراندوە، لەگەڵ کردنەوەی بەشی ئەنتۆگرافی لە زانکۆی کۆبنهاگن، چووەتە ئەوێ و لە ساڵی ١٩٥١ وەك یەکەم ژن تەواویکردوە، لە ساڵی ١٩٥٧ دێتە دوکان وەك نێراوی ئەرکیۆلۆجی دانیمارکی، بەمەش یەکەمجار سەردانی کوردستان دەکات و تەوفیق وەهبی هاوکاری زۆریکردوە (حەلیمە کەریم سەعدی) وەك وەرگێر لەگەڵی دانراوە، دواتر کەرکوك، سلێمانی، هەولێر، رەواندز و هەڵەبجە گەڕاوە، دوو کتێبی داناوە:

١– کچانی خوا، لەنێوانی کچانی موسڵمان لە کوردستان، بە دانیمارکی لەساڵی 1958 نوسیوە، دواتر کراوە بە ئینگلیزی.

٢– لێکۆڵینەوەی مەیدانی( ژیانی ژنی کورد) لەساڵی 1961 لە کۆپنهاگن نوسیوە.

لەکۆی کارەکانی باس لە ئازایەتی ژنی کورد دەکات، بەرامبەر بەو زوڵم و ستەمەی کەلێیدەکرێت، لەلایەکی تریشەوە هاوشانی پیاو کارەکانی پیاو دەکات و رۆڵی شۆڕشگێڕ دەبینێت.



